وەزیری دەرەوەی عێراق لە گەڵ وەزیری پێوەندییە نێودەوەتییەکانی ئەفریقای باشوور کۆبووەوە



فوئاد حسێن، جێگری سەرکۆزیران و وەزیری دەرەوەی عێراق پاش کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەفریقای باشووری داوای لێوەاتە کرد وەبەرهێنان لە عێراق بکەن.

ئەمە یەکشەممە، 3ی ئازاری 2024، لە پەراوێزی کۆبوونەوەی دیپلۆماسیی ئینتاڵیا کە لە تورکیا بەڕێوەدەچێت، فوئاد حسێن، جێگری سەرکۆزیران و وەزیری دەرەوەی عێراق لە گەڵ نالیدی باندور، وەزیری پێوەندییە نێودەوەتییەکانی ئەفریقای باشووری کۆبووەوە و داوای لە وەزیرەکەی ئەفریقا کرد وەبەرهێنان لە عێراق ئەنجام بدەن.

وەزارەتی دەرەوەی عێراق باڵاویکردەوە، لە میانی کۆبوونەوەکەدا لەبارەی بارودۆخی ناوچەکە بیروڕا ئاڵوگۆڕ کراوە و فوئاد حسێن سوپاس و پێزانینی خۆی بە حکومەتی باشووری ئەفریقا دەربڕیووە.

هەر بە گوێرەی راگەیەندراوەکە، وەزیری دەرەوەی عێراق باسی لە هەوڵەکانی حکومەتی وڵاتەکەی کردووە لە بونیادنانی ئابووریی عێراق و هەمەجۆرکردنی داهاتدا و داوای لە کەمپانیاکانی ئەفریقای باشوور

کردووە، بەشداربن لە وەبەرهێنان لە عێراق و بانگهێشتی وەزیرەکەی ئەفریقای باشووری کردووە سەردانی عێراق بکات.